Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.1.5

# ڕەنگدانەوەی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە ساڵی (١٩٨٨) لە ڕووماڵی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Qaraman Haidar Rahman
qaraman.rahman@su.edu.krd

RECEIVED :24 /11/2024
ACCEPTED :19/04/ 2025
PUBLISHED :15/02/ 2026

**قارەمان حەیدەر ڕەحمان/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە (١٦ی ئاداری١٩٨٨)، یەکێکە لە ڕووداوە کارەساتبارەکانی گەلی کورد لە عێراقدا. لەم سۆنگەوە ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ لە ڕووماڵی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا)، پێداچوونەوەی بەم تاوانە مرۆییە کوشندەی سەدەی بیستەم کردوە، بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی ڕووماڵکردنی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بۆ ئەو ڕووداوە، دوای ئەوەی بووە هۆی کوژران و بریندار‌بوونی هەزاران هاوڵاتی سڤیل و تیشکی خستۆتە لەسەر ڕەهەندە میدیایی و سیاسییەکانی بە پێشەکییەک و سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەم، کە بەناونیشانی (زەمینەی مێژوویی و سیاسی ڕووداوەکە) هاتووە، لە سێ باسدا بەناونیشانەکانی (پاشخانی شەڕی ئێران و عێراق و ڕۆڵی شاری هەڵەبجە لە ململانێدا) و (وردەکاری کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨) و (کاردانەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە هێرشەکە)، تیشک خراوەتە لەسەر هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەم ڕووداوە، پاڵپشت بەو ڕاپۆرتانەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرانەوە. لە تەوەری دووەم کە بەناونیشانی (ڕومالی نیویۆرک تایمز لەسەر هێرشە کیمیاییەکە) هاتوە، سێ باسی لەخۆگرتووە بەمەبەستی شرۆڤەکردنی دوو لەم ڕاپۆرتە دیارانەی لەچوارچێووەی بابەتەکانی لەم ڕۆژنامە خرانەڕوو. سەرباری ئەوەی لە کۆتایی توێژینەوەکە، تەوەرێکی دیکە تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی (هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزی ئەو سەردەمە، سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە). لەم تەوەرەدا، تیشک خراوەتە لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا و سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەرامبەر ڕووداوەکە.

**وشە سەرەکییەکان:**
کورد،
کیمیاباران،
هەڵەبجە،
ئەمریکا،
نیویۆرک تایمز

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە مانگی ئاداری ساڵی (1988)، یەکێکە لە تاوانە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم، بەو پێیەی هەزاران هاوڵاتی سڤیلی کورد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی کوژران. ئەم هێرشە لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا ڕوویدا ،کە هەشت ساڵی خایاند و چەند ڕەهەندێکی مرۆیی و سیاسی ئاڵۆزی هەڵگرت. بەو هۆیەوە شاری هەڵەبجە بووە هێمای ئازارەکانی گەلی کورد لە عێراق .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێداچوونەوە و شیکاریی ڕووماڵەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، بۆ ئەم ڕووداوە ئەنجامدراوە، بەهۆی ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە یەکێکە لە میدیا نێودەوڵەتییە گرنگەکان، کە لەکاتی خۆیدا، ڕووداوەکەی بەڵگەدار کردووە و بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاندووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە،** ئاشکراکردنی ئەو چوارچێوە میدیاییانەی کە بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکە بەکارهێنراون، سەرباری دەرخستنی کاریگەریی ئەم ڕووماڵکردنە، لەسەر داڕشتنی هەڵوێست و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە عێراق.

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە:** لەوە سەرچاوە دەگرێت، شیکارییەکی مێژوویی و میدیایی بۆ ڕووداوێک دەکات، کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هۆشیاری مرۆیی و سیاسی جیهانی بەجێهێشتووە، لەگەڵ ئەوەی بەشداربووە لە بەرزکردنەوەی تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیا لە بەڵگەنامەکردن و سنووردارکردنی تاوانە مرۆییەکان و ئەنجامدانی لێپرسینەوە لەگەڵ تاوانباران.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە وەڵامی دوو پرسیار دەداتەوە، ئایا ڕووماڵەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجەی چۆن دەرخست؟ ئایا میدیای ئەمریکی چ ڕۆڵێکی بینیوە لە داڕشتنی ڕای گشتی جیهانی لەسەر ئەو پرسە؟

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی شیکاری مێژوویی بۆ لێکدانەوەی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە پیادەکراوە.

**سنووری توێژینەوە:** لە ڕووی مێژووییەوە ساڵی (١٩٨٨) و لە ڕووی جوگرافییەوە تەنها شاری هەڵەبجەی دەگرێتەوە.

**سەرچاوە سوودبەخشەکان:** لەم توێژینەوەیەدا سوود لەتەواوی ئەم بابەتانەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی وەرگیراوە، کە لەسەر ڕووداوی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، لەساڵی (١٩٨٨) بڵاوکراونەوتەوە. سەرباری سوود وەرگرتن لەچەند ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامانەی هاوسەردەمی ڕووداوەکە بوون و لەسەر هەمان پرس، بابەتی جۆراوجۆری سیاسی و مرۆییان بڵاوکردۆتەوە، لە نمونەی ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست) ئەمریکی و (لۆمۆند)ی فەرەنسی. جگە لە وەی سوود وەرگیراوە لە چەند سەرچاوەیەکی دیکەی مێژوویی، وەک کتێب و توێژینەوەی زانستی.

پێکهاتەی توێژینەوە: توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەم، کە بەناونیشانی (زەمینەی مێژوویی و سیاسی ڕووداوەکە) هاتووە، لە سێ باسدا بەناونیشانەکانی (پاشخانی شەڕی ئێران و عێراق و ڕۆڵی شاری هەڵەبجە لە ململانێدا) و (وردەکاری کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨) و (کاردانەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە هێرشەکە)، تیشک خراوەتە لەسەر هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەم ڕووداوە، پاڵپشت بەو ڕاپۆرتانەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرانەوە. لە تەوەری دووەم کە بەناونیشانی (ڕوماڵی نیویۆرک تایمز لەسەر هێرشە کیمیاییەکە) هاتووە، سێ باسی لەخۆگرتووە بەمەبستی شرۆڤەکردنی دوو لەم ڕاپۆرتە دیارانەی لەچوارچێوەی بابەتەکانی لەم ڕۆژنامە خرانەڕوو. سەرباری ئەوەی لە کۆتایی توێژینەوەکە، تەوەرێکی دیکە تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی (هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزی ئەو سەردەمە، سەبارەت بە کیمیابارانی هەڵەبجە). لەم تەوەرەدا، تیشک خراوەتە لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکا و سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا بەرامبەر ڕووداوەکە.

## 2. زەمینەی مێژوویی و سیاسی ڕووداوەکە

هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران، ململانێیەکی سیاسی و سەربازی و ئایدۆلۆژی مێژووییان هەبوو، دوای جەنگی یەکەمی

جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم جارە کێشەی سنووری لەنێوان ئەم دوو وڵاتە سەریهەڵدا، ئەمەش هۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی درێژخایەنی هەشت ساڵان لە نێوان هەردوولا بوویە، وەک لەخوارەوە باسی دەکەین.

## 2.1 پاشخانی مێژوویی شەڕی ئێران و عێراق

شەڕی ئێران و عێراق لە (٢٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) سەریهەڵدا و بۆ ماوەی هەشت ساڵ بەردەوام بوو (حافظ،2010،ص336)، یەکێک بوو لە خوێناویترین و ئاڵۆزترین ململانێکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم شەڕە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی درێژخایەن لەسەر سنوورەکان، بەتایبەتی سەروەری بەسەر شەتولعەرەب و هەروەها ناکۆکی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامی لە ئێران سەریهەڵدا ( Newyork times, july 23, 1988,p.5.).

لەم سۆنگەوە، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەم ململانێیەدا، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی و تارێکی ڕێبەری ئێران ئایەتوڵا خومەینی (١٩٠٠–١٩٨٩) ڕوونکردۆتەوە، تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە:" کۆماری ئیسلامی ئێران پێداگرە لەسەر فراوانکردنی هەژموونی ئیسلام لە جیهان...بڕیاریان داوە ڕەگ و ڕیشەی زایۆنیزم و سەرمایەداری و کۆمۆنیزم لە جیهاندا هەڵبکنن ". هاوکات لە درێژەی وتارەکەیدا ڕێبەری ئێران ئاماژەی بۆ کرد:" شەڕی ئەوان لەگەڵ عێراق شەڕێکی ئایدیۆلۆژییە و دان بە سنوورەکان و جوگرافیادا نانێت" ( Newyork times, july 23, 1988,p.5.). لەم پەیامەدا ڕێبەری ئێران، هەرچەندە ئامانجەکانی شەڕی سەبارەت بە وڵاتەکەی لە دژی حکومەتی عێراق لە شەڕێکی ئایدۆلۆژی چڕ کردەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بوو کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، وەک کێشەیەکی سنووری دەرکەوت و هەرچەندە هەردوو وڵات لە ڕێککەوتننامەی (سەعد ئاباد) (١) لەساڵی (١٩٣٧) کێشەکەیان چارەسەرکرد، پاشان بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە عێراق و هاتنە لەسەر دەستهەڵاتی حزبی بەعس لە تەمموزی (١٩٦٨)، جارێکی دیکە کێشەکە سەریهەڵدایەوە و دواجار سەرباری ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی دیکە لە ئاداری (١٩٧٥) لەجەزائیر (حمادي، 2022، ص269)، کەچی بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە ئێران ساڵی (١٩٧٩)، بۆ جارێکی دیکە کێشەکە دەرکەوتەوە، دوای ئەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە عێراق بە بڕیارێکی تاک لایەنە، لە (١٧ی ئەیلولی١٩٨٠) ڕێککەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە (عقراوي، 2021،ص82).

بەهەر شێوەیەک بێ، لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕ لەنێوان هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران، شاری هەڵەبجە کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانی عیراق و (٨٣)کم لە مەڵبەندی شاری سلێمانی و (٢٦٨)کم لە شاری بەغدای پایتەختی عیراقەوە دوورە (ماهر، 2019، ص32). لە ئاداری (١٩٨٨) کەوتە لەژێر دەستهەڵاتی هێزەکانی ئێران و هێزە کوردییەکانی هاوپەیمانی ئێران بوون، وەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی). ئێران پشتیوانی کوردی قۆستەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی سەربازی لەسەر خاکی عێراق، ئەمەش وایکرد ڕژێمی عێراق بە ڕێکاری تۆندوتیژ ناوچەکە بە ئامانج بگرێ (Murray . 2014, p.85). ئەم زانیاریانەش لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا بڵاوکرایەوە، کە تیایدا هاتووە:" ئەو ڕووداوە دوابەدوای هێرشێکی لەناکاوی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر شاری هەڵەبجە لە باکووری عێراق هەفتەیەک لەمەوبەر [مەبەستی ناوەڕاستی مانگی ئادارە] ڕوویداوە، دوای ئەوەی هێزەکانی ئێران دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق، بۆ تۆڵەسەندنەوە، هێرشی ئاسمانی ئەنجام بدەن و دەوترێت چەکی کیمیاویان بەکارهێناوە".( Cowell, March 24, 1988.pp.11,24) .

## 2.2 وردەکاری کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨)

سوپای عێراق لە ساڵی (١٩٨٣) بەدواوە بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کرد، ئەو کاتە لەدۆخی بەرگریدا بوو، لە توانای نەبوو، لە بەرەکانی شەڕدا ڕووبەڕووی هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران ببێتەوە. بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، یەکێک لە ژەنەراڵە ئەمریکییەکان، سەبارەت بە ڕووداوەکە ئاماژەی بۆ

ئەوە کردوە کە: "سەرەتا سوپای عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، ئەمیش لە ئەنجامی بێ هیوایی ئەو سوپایە بوو، لەسەرکەوتن بەسەر سوپای ئێران، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕەکە، عێراقییەکان بەکارهێنانی چەکی کیمیاییان کردە تاکە ئامرازی پێکاندنی ئامانجە سەربازییەکانیان". لە درێژەی باسەکەیدا ئەو ژەنەراڵە ئەوەی خستەڕوو، کە:" لەکاتی بەرگریکردن لەبەرامبەر هێرشەکانی سوپای ئێراندا، عێراقییەکان زۆربەی کات چەکی کیمیاویان بەکارهێناوە، بەتایبەتی گازی خەردەل، لەبەر ئەوەی شوێنەوارەکەی دەمایەوە و هاوکات دەبووە هۆی پیسکردنی ئەو ناوچانەی ئێرانییەکان تێیدا هێرشیان لێیەوە ئەنجام ئەدا. تەنانەت لەبەردەوامی شەڕەکەدا، سوپای عێراق، لەکاتی پاشەکشەکردنی لەبەرەکانی شەڕ، پەنای بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەبرد، وەک ئەوەی لەدوای دەستبەسەرداگرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای ئێرانەوە لە (١٦ی ئاداری ١٩٨٨) ئەنجامی(Trainor, August 5, 1988, p. 8) .

ئەم ڕێکار و پلانە سەربازییەی سوپای عێراق لەکاتی شکست و پاشەکشەکردنیدا بەرامبەر سوپای ئێران پیادەی کرد، لە شاری هەڵەبجە کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێکەوتەوە، لەکاتێکدا خەڵکی ئەم شارە بەشێک نەبوون لە ململانێیەکەدا. دوای ئەوەی بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هێزە ئاسمانییەکانی عێراق، لەم ڕۆژەدا تێکەڵەیەک لە گازی کیمیایی ژەهراوییان بەکارهێنا، کە بریتی بوو لە گازی (خەردەل) و گازی (سیانید) ,Browne, April 17, 1988) (p. 7. لەئەنجامی ئەو هێرشەدا نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی سڤیلی کورد گیانیان لەدەستدا، کە زۆربەیان ژن و منداڵ و بەساڵاچوو بوون و دە هەزار کەسی دیکەش بە سەختی بریندراربوون(Sciolino, June 22, 1988, P. 3) .

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، وێنەکانی هەڵەبجە خەمناک بوون، پەیامنێرانی ئاژانسە هەواڵییە جیهانییەکان، ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، تەرمی خەڵکی سڤیل لە شەقامەکاندا کەوتبوون، ئەمەش بە کاریگەری خێرا و کوشندەی گازە ژەهراویەکان ڕوویدا. لە دەرەنجامی ئەم ڕووداوە، بەپێی زانیاریی هەمان ڕۆژنامە، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی خێرای یەکێک لە لێژنەکانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی سەلماند کە:" نیشانە فیزیکیەکان لەسەر جەستەی قوربانییەکان، ئاماژەن بۆ بەکارهێنانی ماددە کیمیاییە ژەهراوییەکان. هەروەها ئەو هێرشە وەک ئامرازێکی تۆقاندنی سیاسی لەبەرامبەر دانیشتوانی کورد لە ناوچەکە بەکارهێنراوە". Cowell, March 24, ) 1988.pp.11,24)

لە لایەکی دیکە، هەر سەبارەت بەم ڕووداوە، (دۆن کێر) لە پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە لەندەن لە چاوپێکەوتنێکدا ڕایگەیاند:" لێکۆڵینەوە لە وێنەی قوربانیانی بۆردومانەکە، گوایە عێراق بۆ سەر شاری هەڵەبجە ئەنجامیداوە، بە تۆندی باوەڕی پێهێنام، ئەو کەسانە بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە گیانیان لەدەستداوە". زیاتر لەمەش کێر گوتی: "هیچ بەڵگەیەکمان نەدۆزیەوە کە شوێنەواری موشەک هەبێ لەسەر جەستەی قوربانییەکان". سەرباری ئەوەی بەپێی ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمز، ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە هەڵەبجەوە بڵاویکردەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییانەی سەردانی شارە بۆردومانکراوەکەیان کردووە، دەیان تەرمیان لە شەقامەکان و لەناو داروپەردووی باڵەخانە وێرانکراوەکاندا بینیوە. ئاژانسە ڕۆژنامەوانییەکە لەسەر زاری ئەو پزیشکانەی چارەسەری بریندارەکانیان دەکرد بڵاویکردووە، قوربانییەکان لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە گازی ژەهراوی سیانید گیانیان لە دەستداوە. Cowell, ) March 24, 1988.pp.11,24)

ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەسەر ڕووداوەکە هەمەچەشن بوون، تەنانەت بۆ گەیاندنی زانیاریی دروست، پشتی بەسەرچاوەی جۆراوجۆر و باوەڕپێکراوی جیهانی دەبەست. بۆ گواستنەوەی وێنای بەشێکی قوربانیانی ڕووداوەکە، لە ڕاپۆرتێکی لەسەر چەند بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیایی بڵاویکردەوە، کە لەشاری هەڵەبجە لەلایەن سوپای ئێرانەوە گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی تاران و دواتر ڕەوانەی ئەمریکا کران و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی نیویۆرک چارەسەریی پزیشکیان وەردەگرت، نووسیویەتی:" پێنج کەس لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی خەڵکی شاری هەڵەبجە، لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٨) بۆ نەخۆشخانەیەکی شاری کوینز(٢) لە ویلایەتی نیویۆرک گوازرانەوە. پزیشکانی نەخۆشخانە (٣٠٠) قەرەوێڵەییەکەی کوینزڕایانگەیاند، دوو لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە نەخۆشخانەکیان گەنج و سێیان منداڵن. بە فرۆکەیەکی فریاکەوتنی ئاسمانی ئێرانی لە (٢٩ی ئادار)دا گەیشتنە ئەم نەخۆشخانەیە، بە وتەی ئەوان

به چەکی کیمیایی سووتابوون. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەکە، گەورە بەرپرسی نەخۆشخانەکە، (کیس ئێف سەفیان) لەبارەی دۆخی نەخۆشەکانەوە باسی لەوە کرد کە:" بریندارەکان بە گشتی تووشی سووتانی کیمیایی چاو و قوڕگ و سییەکان بوون، سووتانی سییەکان لە هەموویان قورسترن و هەموویان بە پلەی جیاواز بەدەست ئەم سووتانەوە دەناڵێنن" (Kingson, April 6, 1988, p.14.).

ڕووداوەکە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، لەپێناو ڕاگرتنی ئەم کردارە نامرۆڤانەی دژ بە یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بوو، حکومەتی عێراق لەبەرامبەر گەلەکەی خۆی ئەنجامیدا. لەم سۆنگەوە (خاڤێر پێرێز دی کوێلار) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وتارێکیدا کە دەقەکەی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە:" بەڵگەی بەهێز هەیە، لەسەر ئەوەی حکومەتی عێراق چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بەکارهێناوە". ئەوە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوەی دەکرد، سوپای ئێران بەرپرسە لەم هێرشە کیمیاییەی لە ناوچەکە ئەنجامدراوە و بۆتە هۆی بریندار بوونی دەیان سەربازی عێراق (Kingson, April 6, 1988, p.14.).

لەلایەکی دیکە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییانەی سەردانی شارەکەیان کرد، ڕاپانگەیاند زیاتر لەسەد تەرمی هاوڵاتی سڤیلیان بینیوە، هیچ نیشانەیەکی برینداربوونی گوللە و چەقۆیان لێ دەرنەکەوتووە، بەڵام تا ئێستا ژمارەی کوژراوان و بارودۆخی هێرشەکە نادیارە. شیاوی باسە کاربەدەستانی ئێران ڕایانگەیاند، دوای هێرشەکە، قوربانییەکان بە فڕۆکە گواسترانەوە بۆ تاران بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی. لەوێشەوە هەندێکیان بە فڕۆکە گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ڤیەنا، فرانکفۆرت، جنێڤ و لەندەن. پێنج کەس لە مانەی تەندروستیان باش بوو، ڕەوانەی نیویۆرک کران. بە وتەی (ئەمیر حەسەن زەمانی) بەرپرسی نوێنەرایەتی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان، باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لەندەن ڤیزەی بە کوردەکان داوە. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ڤیزەیانە بۆ ماوەی چارەسەری پزیشکی کارا کران. بەرپرسانی نەخۆشخانەی (سانت جۆن) لە نیویۆرک ڕایانگەیاند، بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی بەسەر وڵاتانی جیاوازدا دابەشکراون، چونکە حکومەتی ئێران ویستویەتی تاکتیکی شەڕی عێراق بڵاوبکاتەوە. نوێنەرایەتی حکومەتی ئێران لە ئەمریکا ڕێکاری پێویستی بۆ چاودێری پزیشکی، گواستنەوە و وەرگێڕانی زمانەوانی ئەم پێنج بریندارە و خەرجی چارەسەری بۆ تەوای نەخۆشەکان دابینکرد. لەهەمان کات کاربەدەستانی نەخۆشخانەی سانت جۆن لە کوینز ڕایانگەیاند، حکومەتی ئێران ئەم نەخۆشخانەی بەهۆی شوێنەکەیەوە هەڵبژێردوە، لەبەرئەوەی تەنیا سێ میل لە فڕۆکەخانەی کێنێدی دوورە، هەروەها ئەندامێکی شاندی ئێرانی لەوێ پزیشکێکی دەناسی (Kingson, April 6, 1988, p.14.).

### 2.3. کاردانەوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر بە هێرشەکە

ڕژێمی بەعس لە ناوخۆی عێراق بەردەوام بوو، لە ڕەتکردنەوەی بەرپرسیارێتی ئەو هێرشە و بانگەشەی ئەوەی کرد کە حکومەتی ئیران چەکی کیمیاوی لە دژی کورد بەکارهێناوە (Cowell, March 24, 1988.pp.11,24 ). ڕژێمی عێراق ئەو هێرشەی بەکارهێنا بۆ ناردنی پەیامێکی توند بۆ گروپە کوردییەکانی هاوپەیمان لەگەڵ ئێران، بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانەتییەیان لەگەڵ حکومەتی ئێران دوور بکەونەوە (Sciolino, June 22, 1988, p. 3) .

لەپەرچەکرداری ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامیدا، بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، (جەلال تاڵەبانی) بە نهێنی بەناو شاخەکانی کوردستان گەیشتە ئێران، تا خۆی ڕاستی ڕووداوەکە بگەیەنێتە پایتەختی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئەمەریکا. تاڵەبانی دوای هەشت ساڵی شەڕی عێراق و ئێران، یەکەم جار بوو لە عێراق چووە دەرەوە و لەو گەشتەیدا حکومەتی عێراقی بە ئەنجامدانی جینۆساید تۆمەتبار کرد، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هێرشکردنە لەسەر کورد، بە تایبەت لە هەڵەبجە. لەسەر ئەم بابەتە تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسەکانی هەواڵی جیهانی لە نیویۆرک ڕایگەیاند: "یەکەم جارە لە مێژوودا حکومەتێک چەکی کیمیاوی دژی هاووڵاتیانی خۆی بەکاربهێنێت. کورد خاوەنی زمان و کولتوور و مێژوویەکی جیاوازە، ژمارەیان نزیکەی بیست ملیۆن کەسە و لە ناوچەیەکی شاخاوی فراوان نیشتەجێن، لە تورکیاوە بە باکوری عێراقەوە تا ئێران درێژدەبێتەوە و ناوچە بچووکەکانی سوریا و یەکێتی سۆڤیەتیش دەگرێتەوە. بەرخودانی ئێستای کورد، یەکێکە لە چەند هەوڵێک لەم

سەدەیەدا بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی سەربەخۆیی، یان ئۆتۆنۆمی لە بەغدا هەڵگیرساوە. (Sciolino, June 22, 1988, p. 3)

تاڵەبانی لە یەکەم سەردانیدا بۆ ئەمریکا تۆمەتەکانی خۆی گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی دەرەوە و کۆنگرێس و دامەزراوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەم وڵاتە. پشتگیری ئەو بەڵگانەی کرد، کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ڕووداوەکە کۆکرابوونەوە و زۆربەی ئەم تۆمەتانەی پشتڕاست کردەوە، کە درابوونە پاڵ حکومەتی عێراق لە ئەنجامی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە. هەر ئەو ڕۆژەش لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران بە کۆی دەنگ بڕیارێکیان دەرکرد و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە سەرکۆنە کرد(Sciolino, June 22, 1988, p. 3).

لەدوای هەفتەیەک لەسەردانەکەی تاڵەبانی بۆ ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی عێراق (تاریق عەزیز) نیگەرانی وڵاتەکەی بە حکومەتی ئەمریکا گەیاند، بەهۆی ئەنجامدانی دیداری سیاسی لەنێوان جەلال تاڵەبانی و لێپسراو و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، تا ئەو ڕادەیەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆبونەوەیەکی خۆیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (جورج شولتز). تەنانەت (عەبدولئەمیر ئەلئەنبەری) باڵیۆزی عێراق لە ئەمریکا و هاوپۆڵی پێشووی ئەو سەرکردەیەی کورد بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاند کە: " تاڵەبانی خیانەتکار و تیرۆریستە، ئەو پێشوازییەی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لێیکرا، زۆر دۆستانە نەبوو لەگەڵ عێراق"(Sciolino, June 22, 1988, p. 3) .

بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، زۆربەی ئەو تۆمەتانەیان ڕەتنەکردەوە، کە تاڵەبانی لە دیدارەکەی لەگەڵیاندا خستیە پاڵ حکومەتی عێراق. هەرچەندە ئەوان وشەی "جینۆساید"یان بۆ ڕووداوەکە پێ گونجاو نەبوو بەکاربهێنن، بەڵام دانیان بەوە دانا، کە بەڵگەی بەهێزیان دەستکەوتووە لەسەر ئەوەی عێراق چەکی کیمیاوی لە دژی هاووڵاتیانی سڤیلی کورد لە هەڵەبجە بەکارهێناوە، لەگەڵیشیدا باسیان لەوە کرد، کە ئێرانیش ئەو جۆرە چەکانە بە هەمان شێوە بەکارهێناوەلە دژی سوپای عێراق(Sciolino, June 22, 1988, p. 3) .

هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد یەکگرتوو بوو لە نیشاندانی وێنەی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەگەلی کورد، لەپێناو بەدەستهێنانی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد . لەم سۆنگەوە دوای ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجە بەهۆی مەترسیان لەو کردە سەربازییانەی لەدژیان ئەنجام دران، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعود بارزانی) لە بانگەوازێکیدا لە ڕۆژی (١ی ئەیلولی١٩٨٨) داوای لە حکومەتی تورکیا کرد، دەرگای سنوورەکانیان بەڕووی هاوڵاتیانی کوردی ڕاکردوو لە مەترسی چەکی کیمیاوی بکەنەوە. (Sciolino, September 1, 1988, p.1)

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هێرشەکە شۆکێکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، کەچی وەڵامە کردارییەکان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕووداوەکە سنووردار بوو، ئەوەندە نەبێ کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کرد، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی سیاسی و گوشاری وڵاتانی پاڵپشتیی عێراق، ڕاستەوخۆ عێراقی تۆمەتبار نەکرد (The New York Times, April 27, 1988)، لە ئەمریکاش وەزارەتی دەرەوە هێرشەکەی شەرمەزار کرد، بەڵام بەهۆی پەیوەندی ستراتیجی لەگەڵ عێراق، ڕێوشوێنی توندی نەگرتەبەر (Sciolino, September 8, 1988, p. 16)

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز (Kingson, April 6.1988,p.14 ) و میدیا جیهانییەکانی دیکە لەڕێگەی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەوە هێرشەکەیان بەڵگەدار کرد و تیشکیان خستە لەسەر ژمارەی قوربانییەکان و بەڵگەی بینراوی شارەکە. بەڵام ئەم ڕووماڵکردنە، نەبووە هۆی ئەوەی هەنگاوی کردارەکی نێودەوڵەتی کاریگەر بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی عێراق بنرێ (Fred, May 2, 1998, p.3).

کیمیابارانی هەڵەبجە دۆخێکی ترسناکی پێشێلکارییە مرۆییەکان بوو، لەسەر دەمی شەڕی ئێران و عێراقدا ڕوویدا. ئەم تاوانە بڕگەیەکی گرنگ بووە لە مێژووی شەڕی کیمیاییدا و کەموکوڕیەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی جەنگدا ئاشکراکرد. کاردانەوەی جۆراوجۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بە ڕووداوەکە، ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ناوچەکە بوو لەو ماوەیەدا.

### 3. ڕوماڵی نیویۆرک تایمز لەسەر هێرشەکە

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، لە ساڵی (١٨٦٠) بەدواوە، یەکێک بووە لەم ڕۆژنامانەی بەگرنگییەوە، باسی لە نەتەوەی کورد و دۆزەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕست کردوە (ڕەحمان،اسماعیل،٢٠٢٤،ل١٣٦)، لە دوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەش لەساڵی (١٩٨٨)، پانتاییەکی فراوانتری بۆ خستنەڕووی ئەم پرسە تەرخانکرد. تەنانەت ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بەڵگەنامەکردنی ڕووداوەکە، دوای ئەوەی تیشکی خستە لەسەر کارەساتە مرۆییەکە و ڕەهەندە سیاسییەکانی. ڕوماڵی ڕۆژنامەوانی نیویۆرک تایمز بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی چەندین ڕاپۆرتی مەیدانی و شیکاری سیاسی و لێدوانی لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەمەش وایکرد ڕۆژنامەکە ببێتە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە میدیاییە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەڵگەنامەکردنی ڕووداوەکە (Kingson, April 6.1988,p.14 ).

### 3.1 تێڕوانینێکی گشتی بۆ ڕوماڵی ڕۆژنامەکە بۆ ڕووداوەکان:

ڕەهەندە مرۆییەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر دانیشتوانی سڤیل و هەڵوێستە سیاسییە ناکۆکەکانی نێوان عێراق و ئێران و مشتومڕی نێودەوڵەتی لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پێویستی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی ئەم کردە نا مرۆڤانەیە، لە گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە لە ڕووماڵی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکرانەوە. (Newyork times, March 26, 1988, P. 30)

لە لایەنی مرۆییەوە، ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتێکیدا بەناونیشانی (قوربانیانی جەنگی کەنداو لە نەخۆشخانەی کوینز چارەسەری وەردەگرن)، وردەکاری چارەسەری پزیشکی و بەدوای داچوونی بۆ دۆخی تەندروستی پێنچ لەبەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی شاری هەڵەبجە کرد، کە لە ئێرانەوە بە مەبەستی چارەسەری ڕەوانەی ئەمریکا کران، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە بڵاویکردەوە، کە: "پزیشکانی نەخۆشخانەی سانت جۆن دەڵێن، دڵنیا نین لە تەندروستی درێژخایەنی نەخۆشەکان و ئێستا هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەو ماددە کیمیاییانە دەدەن، کە بەکارهێنراون. هەفتەی ڕابردوو بسپۆڕێکی ژەهراویناسی بەلجیکی سەردانی نەخۆشخانەکەی کرد، بۆ وەرگرتنی نموونەی خوێن لە نەخۆشەکان. هەروەها چوار پزیشکی سوپای ئەمریکا لەمانەی ئەزموونیان لە بواری چەکی کیمیاییدا هەبوو، سەردانی نەخۆشخانەکەیان کرد. پزیشکەکان بە گشتی پێشبینی ئەوەیان کرد، ئەگەری زۆرە نەخۆشەکان زیانێکی هەمیشەیی بە سیستەمی هەناسەدانیان بگات. باری تەندروستی دوو منداڵ، کە دوو خوشکی تەمەن (٩ و ١٢) ساڵان بوون، هەروەها پیاوێکی تەمەن (٢٥) ساڵ بە ناوی (محەمەد عەزیز) بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکەکان جێگیربوو. باری تەندروستی کچێکی تەمەن (٩) ساڵان لە دۆخی چاودێری چڕ دابوو، ژنێکی تەمەن (٣٠) ساڵیش بە ناوی (نازەنین حەسەن) باری تەندروستی ناجێگیربوو ( Kingson, April 6.1988,p.14).

دوای نیشاندانی وێنایەکی قوربانیانی کوردی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، ڕۆژنامەکە چووە سەر بڵاوکردنەوەی ئەو ململانێ سیاسییەی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران لەسەر ڕووداوەکە، کە دوای ڕووداوەکە زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە، بۆ تۆمەتبارکردنی یەکتری لەبەردەم ڕای گشتی نێو دەوڵەتی پیادەیان دەکرد، لە ڕێگەی دامەزراوە دیبلۆماسی و ڕۆژنامەوانییەکان. لەم سۆنگەوە لە ڕاپۆرتێکیدا بەناونیشانی (نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ لایەنێک ناخاتە لەژێر بەرپرسیارەتی لە هێرشی کیمیاوی لەشەری کەنداو) کە لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٨) بڵاویکردەوە، باسی لەوە کرد: "حکومەتی ئێران، سوپای عێراق تۆمەتبار دەکات، بە کوشتنی پێنج هەزار کەس لە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە. لەبەرامبەردا دوای ماوەیەکی کەم، زۆرێک لە دیپلۆماتکارانی عێراق، ئێرانیان بە ئەنجامدانی ئەم هێرشە تۆمەتبار کرد. بەڵام حکومەتی ئێران مکور بوو، لەسەر شەرمەزارکردنی حکومەتی عێراقی لەبەردەم کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی و داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، لێژنەیەک بنێرێت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو تۆمەتانەی دەیخاتەڕوو، لەبارەی بەکارهێنانی گازی سیانید و خەردەلی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. دوای ئەوەی دووشەممە (٢٤ی ئاداری ١٩٨٨) نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجە پێنج هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە و پێنج هەزاری دیکەش بریندابوون (Cowell, March 24, 1988.pp.11,24 )، لەبەرامبەردا (عەلی ئەکبەر ویلایەتی) وەزیری

دەرەوەی ئێران لە کۆنفرانسی داماڵینی چەکدا لە جنێڤ کە (٤٠) وڵات تێیدا بەشدارییان کرد، وتی: "ئێران هەرگیز چەکی کیمیایی بەکارناهێنێت" (Ibrahim, April 2, 1988, p. 1 ).

کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وەڵامی داوکارییەکەی حکومەتی ئێران لە (٢٥ی ئاداری ١٩٨٨) ڕایگەیاند، (خافێر پێرێز دی کوێلار) سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر داواکاری ئێران بۆ ناردنی تیمێکی شارەزا بۆ لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی دژی عێراق بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی هاوڵاتیانی مەدەنی. دوای ئەوەی نوێنەری سەرەکی ئێران هەڕەشەی هەڵپەساردنی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، سەبارەت بە شەڕی کەنداو، ئەگەر ئەو تیمە نەنێردرێت. ئێران دووپاتی کردەوە، کە: "عێراق لە هێرشەکەدا گازی خەردەل و سیانیدی بەکارهێناوە، لەم هەفتەیەشدا ڕێگەی بە ڕۆژنامەنووسان داوە گەشتێک بە ناوچەکە بکەن و وێنەی قوربانییەکان بگرن. ئەوە لە کاتێکدا بوو، حکومەتی عێراق ڕەتیدەکردەوە چەکی کیمیایی بەکارهێنابێ". باڵیۆزەکەی عێراق لە لەندەن ڕایگەیاند، کە: " ئێران نەک عێراق ئەو چەکانەی لە هەڵەبجە بەکارهێناوە "New York times, March 26, 1988, p. 2). دوای ماوەیەکی کەم، بەدیاریکراویش لە ڕۆژی دووشەممەی (١٦ی نیسانی ١٩٨٨)، ئەم تیمە سەربەخۆیەی شارەزایان، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕاسپێردرابوون، ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە و بە شێوەیەکی فەرمی حکومەتی عێراقیان تۆمەتبارکرد، بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد (Trainor, August 5, 1988, p. 8).

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕووداوی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە، ڕەخنەی بەرفراوانتری نێودەوڵەتی لێکەوتەوە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتێکیدا، سەرنج و تێبینی بەشێک لە ئەفسەرانی پلە بەرزی دەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانی ئەمریکای خستەڕوو، کە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد: "دووبارە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی ئێران لە لایەن عێراقەوە لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەیاندا، ڕەنگە هاندەری بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بێت لە شەڕەکانی داهاتووی نێوان وڵاتانی جیهانی سێیەم. هاوکات ئەفسەرێکی وەزارەتی بەرگری(پنتاگۆن) وتی: "ئەوە شێوازی هەژارەکانە بۆ شەڕکردن". ئەو ئەفسەرە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە ئەم کردەیە، یەکەم جارە بە شێوەیەکی هێندە بەرفراوان بەکاردەهێنرێ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، ئەمەش ڕەنگە وەک ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆی ڕێککەوتننامەی جینێڤی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٢٥ سەیر بکرێت، کە شەڕی کیمیایی قەدەغە دەکات (Trainor, August 5, 1988, p. 8).

### 3.2. شیکردنەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەکە :

لەدوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، بەدرێژایی ماوەی (٩) مانگ، ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، (١٦) بابەت و ناونیشانی جۆراوجۆری سیاسی و سەربازی لەسەر ڕووداوەکە بڵاوکردەوە. لە خوارەوە دوو ناونیشانمان هەڵبژاردوە، بۆ ئەوەی شیکردنەوەی وردی لەسەر بکەین، بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی ڕۆژنامەکە لەسەر ڕووداوەکە.

### 3.2.1. "نەتەوە یەکگرتووەکان لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دەکات".

ڕۆژنامەکە لەم بابەتەدا هەوڵیداوە چەند لایەنێکی ڕووداوەکە و دەرهاوێشتەکانی بخاتەڕوو، لەڕێگەی تیشک خستنە لەسەر کاریگەرییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی، دوای ئەوەی بەکارهێنانی چەکی ناتەقلیدی، پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. بەم شێوەیە ئاماژەیەکی ڕوونی لەسەر پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ پێشکەشکرد. سەرباری ئەوەی ڕۆژنامەکە جۆرێک لە هاوسۆزی لەگەڵ پرسەکەدا نیشاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کاریکرد بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەوە هۆشیار بکاتەوە، کە حکومەتی ئێران هەوڵئەدات پرسەکە لەبەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێ، بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی حکومەتی عێراق لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. لەگەڵیشیدا وێنایەکی لاوازی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان نیشاندا. لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هەڵوێستە لاوازەکانی ئەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە بەرامبەر بەو پرسە مرۆییە، لەکاتێکدا ئەم ڕووداوە سەرپێچییەکی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیەکانی وەک

ڕێککەوتننامەی جنێڤی ساڵی (١٩٢٥) بوو، کە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکرد. هەموو ئەمانە بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە، بێ لێ پرسینەوە لە تاوانبارانی ئەم کردە نامرۆڤانەیە تێپەڕی. ئەمەش مایەی شەرمەزاری بوو، بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ڕۆژنامەکە جگە لە ئەمریکا، بە ئامانجی سیاسی کاریکرد بۆ ئەوەی بە لاواز و بێ هەڵوێست نیشانیان بدات (Newyork times, March 26, 1988, p. 2).

### 3.2.2. "ئێران عێراق بە هێرشی غاز تۆمەتبار دەکات"

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕووماڵی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی لە ڕێگەی بابەتێکی ئالان کوایلەوە کرد، کە تیایدا تیشکی خستە لەسەر تۆمەتەکانی ئێران لە دژی عێراق. لە وتارەکەدا ئەم ڕۆژنامەنووسە پێداچوونەوەی بە ڕاستییە مەیدانییەکان و لێدوانەکانی ئێران و تۆمەتە عێراقییەکان کرد، ئەمە جگە لە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و شیکارییە سەربازییەکان.  بە جۆرێک پێداچوونەوەی بە وردەکارییە مرۆییەکانی کارەساتەکە کرد و ئاماژە بەوە کرد، کە: "لە ئەنجامی بەکارهێنانی گازی وەک خەردەل و سیانید پێنج هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە و پێنج هەزار کەسیش بریندابوون". ڕووداوەکە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەڵگەدارکراوە، وەک ئەو وێنانەی کە لەلایەن پسپۆڕێکی پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لە لەندەن پشکنینی بۆ کرا، پشتڕاستیکردەوە قوربانییەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی کیمیایی". هەروەها ڕۆژنامەکە بڵاویکردەوە: "ئەو ڕۆژنامەنووسە بیانییانەی سەردانی شوێنەکەیان کرد، تەرمی قوربانییەکانیان لە شەقامەکاندا بینیوە". ئەمەش متمانەی زیاتری بە ڕووماڵکردنەکە بەخشی. بە شێوەیەک بابەتەکە لە وەسفکردنی کارەساتەکەدا ورد بوو، بەڵام پشتی بە ڕاپۆرتی دەزگا نێودەوڵەتییەکان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا بەستبوو، بەبێ ئەوەی  تۆماری وتەی شایەتحاڵی ڕووداوەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دروستکرد لەسەر گەیشتنی دەنگی ڕاستەوخۆی قوربانییەکانی ئەم ڕووداوە بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی (Cowell, March 24, 1988.pp.11,24 ).

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هێرشەکەی لەسەر هەڵەبجە، هاوکات بووە لەگەڵ دەستکەوتە سەربازییەکانی ئێران، بەو پێیەی هێزەکانی سوپای پاسداران دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە و بەرەو شوێنە ستراتیژییەکانی نزیک لە بەنداوی دەربەندیخان پێشڕەوییان کردووە. هەروەها شیکاری بۆ ئەگەری بەکارهێنانی ئەو هێرشە کردوە کە ئێران بۆ بەرتەسککردنەوەی هێزەکانی عێراق و پتەوکردنی پشتیوانی لە یاخیبوونی کورد بەکارهێناوە. سەرباری ئەوەی ڕوونیکردووەتەوە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ڕەنگدانەوەی هەڵکشانێکی مەترسیداربوو، بەتایبەتی لەگەڵ ئاماژەدان بە نائومێدی عێراق لە سەرکەوتن لە شەڕەکەدا. لەم سۆنگەوە دەکرێ بڵێین بابەتەکە شیکارییەکی باشی بۆ ڕەهەندە سەربازی و ستراتیژییەکان خستۆتە ڕوو، بەڵام بە وردی باسی لەوە نەکردووە، کە عێراق چۆن چەکی کیمیایی دەستکەوتووە (Cowell, March 24, 1988.pp.11,24 ).

### 3.2.3. بەڵگەنامەکردنی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەڵگەی بەهێزی لەسەر هێرشە کیمیاییەکە خستەڕوو، بە پشتبەستن بە ڕاپۆرتی مەیدانی و گێڕانەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی سەردانی ناوچەکەیان کرد. لێدوانی شارەزایانی نێودەوڵەتی پشتڕاستیان کردەوە، ئەو نیشانانەی لەسەر قوربانییەکان دەرکەوت، لەگەڵ بەکارهێنانی گازە کیمیاییەکانی وەک خەردەل و سیانید یەکدەگرێتەوە (Cowell, March 24, 1988.pp.11,24 ).

لەلایەکی دیکە ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە ڕاپۆرتی لێژنەی شارەزایانی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، کە تیایدا هێرشەکەیان پشتڕاستکردۆتەوە کە گازی ژەهراوی کیمیایی تێدا بەکارهاتوە، ئەو چەکەی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەکرابون. ئەم بەڵگانە هیچ گومانێکیان نەهێشتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باوەڕبهێنێ بەوەی، ئەو هێرشە ئامانجی ستراتیژی حکومەتی عێراق بوو، بۆ سەرکوتکردن و کۆتاییهێنانی بەرخوادانی کورد. بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕووماڵەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز گوزارشتیان لە قووڵایی ئەو کارەساتە مرۆییەی دانیشتووانی هەڵەبجە کرد، کە

لە بەشێکی بابەتەکانی بڵاوکرانەوە، وەک تیشک خستنەسەر ئەو بەستێنە سیاسیانەی، بوونە هۆی هێرشەکە. بەم جۆرەش ڕۆژنامەکە یارمەتیدەر بوو بۆ بەڵگەنامەکردنی ئەم تاوانە جەنگییە و گواستنەوەی بۆ بەردەم ڕای گشتی جیهانی، ئەمەش بە ڕادەیەک کاریگەریی هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە گرنگی لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی تاوانەکانی جەنگ و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی (Trainor, August 5, 1988, p. 8).

## 4. هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێزەکانی جیهان لەسەر ڕووداوەکە

ئەم پێشهاتە سیاسییە، گۆڕانێکی سیاسی نەرێنی چاوەڕواننەکراو بوو لەبەردەم وڵاتانی جیهان. دوای ئەوەی بە کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕێککەوتنامەی جنێفی ساڵی (١٩٢٥) بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەکرا. بۆیە هێرشەکە سەرباری ئەوەی سەرپێچی یاسا و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی کرد، هاوکات گورزێکی کوشندەی لەمافەکانی مرۆڤ وەشاند، بەم جۆرەش بووە پرسێکی سیاسی نێودەوڵەتی، کە لە خوارەوە وردەکارییەکانی دەخەینەڕوو.

### 4.1. وڵاتانی هەرێمی

کاردانەوەی وڵاتانی ناوچەکە بەرامبەر کیمیابارانی شاری هەڵەبجە جۆراوجۆر بوو، بەو پێیەی لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و ئێران بوون. لە دیارترین ئەم وڵاتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرسەکە هەبوو، وڵاتانی دراوسێی عێراق بوون .

#### 4.1.1. ئێران

کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرئەوەی بەشێک بوو لە هۆکاری ڕووداوەکە، سەرەکیترین لایەن بوو لە تۆمەتبارکردنی عێراق بە ئەنجامدانی ئەو هێرشە، بەو پێیەی بە ڕێگەدان بە ڕۆژنامەنووسان و چاودێرانی نێودەوڵەتی دوای بۆردومانەکە سەردانی هەڵەبجە بکەن، خێراتر ئەو کۆمەڵکوژییەی بەڵگەدار کرد(New York times, March 26, 1988, p. 2 . تاران وێنە و وتەی ڕزگاربووانی وەک بەڵگەیەک خستەڕوو، کە هێزە عێراقییەکان گازی ژەهراوی وەک گازی خەردەلیان بەکارهێناوە. ئێران هێرشەکەی لە ڕووی سیاسییەوە قۆستەوە بۆ باشترکردنی وێنەی نێودەوڵەتی خۆی و فشارخستنە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ سەرکۆنەکردنی حکومەتی عێراق.(Browne, 17 April 1988, p.7). بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین ئێران لەبەرئەوەی نەیار و دوژمن عێراق بوو، هەوڵی بەدەستهێنان و پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەولەتی داوە بۆ سەرکۆنەکردنی حکومەتی عیراق، وەک ستراتیژێکی سیاسی، نەک بەهۆی پشتیوانیکردنی لە خەبات و بەرخوادنی گەلی کورد، هەرچەندە لەڕووی سەربازییەوە هاوپەیمانی هێزە کوردییە شۆڕشگێڕەکانی عیراق بوو.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، هەرچەندە خۆی وەک دامەزراوەیەکی بێ لایەن، کاری لەسەر گواستنەوەی ڕووداوەکە کرد بۆ بەردەم ڕای گشتی نێودەوڵەتی، بەڵام لەکۆی ئەو بابەتانەی بڵاویکردەوە، بەرێژەیەکی زۆر ئەو زانیاریانەی خستەڕوو کە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە بەدەستی گەیشت و تیایدا زۆرترین تۆمەت بەخشینەوەی بۆ حکومەتی عێراق لەخۆ گرتبوو. لەبەرامبەردا زۆر بەکەمی وەڵامی حکومەتی عێراقی بۆ بەرگریکردن لەخۆی بڵاوکردەوە. بەمەش تا ڕادەیەک نەیتوانی مکۆمی بابەتەکانی بپارێزێ، بەهۆی کاریگەریی ڕووداوەکە لەسەر ویژدانی مرۆڤایەتی. لەم سۆنگەوە دەیان هەواڵ و بابەتی جۆراوجۆری لەسەر هەڵوێستی حکومەتی ئێران لەسەر ڕووداوەکە خستەڕوو، بە نموونە لە هەواڵێکیدا بەناونیشانی (ئێران عێراق بە هێرشی گاز تۆمەتبار دەکات) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە: "هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی شورای ئێران، گەشتێکی بە بەشی نەخۆشخانەکانی تاران کردووە، لەم شوێنەی چارەسەری بریندارەکانی کورد دەکات، کە بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی بوون. لەلایەکی دیکە (میر حسێن موسەوی) سەرۆک وەزیرانی ئێران ڕایگەیاند، هێرشەکەی عێراق "شەرمەزارییە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست". ناوبراو بە ئاماژەدان بە حکومەتی (سەدام حسێن) سەرۆک کۆماری عێراق، وتی: "ئێران شەڕەکەی ڕاناگرێت تا ڕەگ و ڕیشەی خراپەکاری ناوچەکە لەناو نەبات (Cowell March 24, 1988.pp.11,24).

تەواوی ئەو ووردەکاریانەی لەسەر ڕووداوی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاوکرایەوە،

هیچ دەرەنجامێکی سیاسی و لێکەوتەیەکی ئەرێنی کردارەکی دیاریکراوی لە دژی بکەرەکانی ئەم تاوانە لێ نەکەوتەوە، ئەمەش بەکاریگەریی ئەو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریانە بوو کە حکومەتی عێراق لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە پێکیهێنابوو، ئەمەش باوەڕێکی لای کاربەدەستانی حکومەتی ئێران دروستکرد، کە جیهانی دەستڕۆیشتوو لەو سەردەمە پشتیوانی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات لەناوچەکە، سەرباری هەموو ئەو سەرپێچییە یاساییانەی بە بەرچاوییەوە ڕوودەدەن، بەو هۆیەوە ڕۆژنامەکە بابەتێکی لە (٢٣ی تەمموزی١٩٨٨) بەناونیشانی (وتەکانی خومەینی لەسەر ئیسلام و شۆڕش و ئاگربەست) بڵاوکردەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: "گەلی ئێران ڕووبەڕووی هەموو هێرشەکانی عێراق بویەوە، بەڵام نائومێدە لە ئەنجامەکانی ئەو شەڕ".(Newyork times, july 23, 1988,p.5). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە حکومەتی ئێران لەو قۆناغەدا، ناچاری ملکەچکردن بوو بۆ ئەو دۆخە نێودەوڵەتییەی پشتگیری لە حکومەتی عێراق دەکرد.

### 4.1.2. تورکیا

حکومەتی تورکیا یەکێک بوو لەم وڵاتانەی چەندین بەرژەوەندی هاوبەشی لەگەڵ عێراق هەبوو. بەو هۆیەوە هەڵوێستێکی وریایانەی گرتەبەر. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی کورد لەدوای بۆردومانی کیمیاویی هەڵەبجە ڕوویان لەم وڵاتە کرد و ئاگاداری ووردەکاری ئەم تاوانە بوو کە دەرهەق بەگەلی کورد ئەنجامی دابوو. سەرباری ئەوەی حکومەتی تورکیا خۆی لە ڕەخنەی ڕاستەوخۆی بەغدا بەدوور گرت، لە ترسی ئەوەی پرسی کورد لەناو سنوورەکانیدا هەڵبگیرسێت. هەڵوێستی تورکیا سنووردار بوو بە دابینکردنی هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو ئاوارانەی کە بەرەو خاکەکەی هەڵهاتبوون، بەبێ ئەوەی تێوەگلان بکات، لە مشتومڕی سیاسیی دەوروبەری هێرشەکە. لەم سۆنگەوە وەک ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بڵاویکردەوە:" بەرپرسانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە دیپلۆماتکارانی ئەمریکایان ڕاگەیاندووە، ناتوانن بە فەرمی بڵێن چەکی کیمیایی بەکارهاتووە"(Sciolino, September 8, 1988, p. 16) .. تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکەی ڕۆژنامەکە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: "بەرپرسانی تورکیا بەگومانەوە سەیری ئەوەیان دەکرد، کوردەکان قوربانی شەڕی کیمیایی بن. سەرباری بوونی نارەزایی توندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە عێراق، بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەبەرامبەر بە کورد" (.Haberman, September 13, 1988,p. 6).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سەرباری ئەم خۆبەدوورگرتنە لە پرسی سەرکۆنەکردنی حکومەتی عێراق، حکومەتی تورکیا دەرگای وڵاتەکەی کورد بۆ پێشوازیکردن لەو خەڵکانەی لە کوردستانەوە، بەهۆی مەترسی و هەڕەشەی کیمابارانکردنیان لەلایەن سوپای عێراقی ڕوویان لەم وڵاتە کرد. لەم سۆنگەوە حکومەتی تورکیا لە ڕۆژی (هەینی ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨) پێشوازی لە (٢٢٠٠) کەس و لە ڕۆژی (دووشەممە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨) پێشوازی لە (٦٥٠٠) پەنابەری دیکەی کورد کرد و بەم جۆرە دوای دامەزراندنی (٤) کەمپی ئاوارەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەناوچەکانی (سلۆپی) و دەوروبەری، حکومەتی تورکیا شوێنی مانەوەی بۆ (٤٣) هەزار کوردی عێراق کردەوە. بەشێک لە دامەزراوە جیهانییەکان، بەشداربوون لە یارمەتیدانی تورکیا بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ کوردەکان و بەپێی زانیاری هەمان ڕۆژنامە، ئەنجوومەنی ئابووری ئەوروپا (٥٠٠) هەزار دۆلار و حکومەتی دانیمارک بە (١) ملیۆن کرۆن، یارمەتی پێشکەشکردن (Le Monde, 19 octobre 1988 ).

### 4.2. وڵاتانی عەرەبی

بەگشتی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی لە سەردەمی شەڕی نێوان هەردوو وڵات، پشتیوانی عێراقیان کرد ( الجبوري،2015 ص98)، تەنانەت هێرشەکەی لەسەر شاری هەڵەبجەشیان، بە بەشێک لە ململانێی گشتی لەگەڵ ئێران دانا. زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی سەرکۆنەی ئاشکرایان بۆ هێرشەکە دەرنەکرد، بەڵکو بێلایەن بوون، یان پشتگیرییەکی ناڕاستەوخۆیان بۆ بەغدا کرد، بە بیانووی ئەوەی کە عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ دوژمنێکی هاوبەشی ناوچەیی. (المغیر،2015،ص٢٠٥)، بەڵام جیاواز لە هەڵوێستی زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، سەرۆکی سوریا حافز ئەسەد (١٠٣٠–

٢٠٠٠) سەرکۆنەی عێراقی کرد، بەهۆی ئەو ڕووداوە. ئەم هەڵوێستەی سەرۆکی سوریاش بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، پەیوەندی بەو ناکۆکی و ململانێیانە هەبوو، کە لەنێوان حزبی بەعس لە عێراق و حزبی بەعس لە سوریا هەبوو (Sciolino, June 22,1988, p.3).

لەسەر ئاستی هەڵوێستی تاکیش، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە بۆچوونی کەسایەتیەکی ئەکادیمی عەرەب کردوە و نووسیویەتی: "شارەزایەکی ئەکادیمی عەرەبی لە کاروباری کەنداوی فارس کە داوایکرد ناوی ئاشکرا نەکرێت دەڵێت: ئێرانییەکان لە شەڕەکەدا سەرناکەون، بەڵام بەڕاستی عێراقییەکان دەستیان کردووە بە دۆڕانی شەڕەکە" ( Ibrahim, April 2, 1988, p. 1).

### 4.3. وڵاتە زلهێزەکان

پەیوەندییە ستراتیژییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، کاریگەرییان لەسەر هەڵوێستی زلهێزەکان بەرامبەر بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هەبوو. بەهۆی ئەم مەترسییەوە، ڕۆژنامەکە وەک ئۆرگانێکی کاریگەر لەسەر بڕیاری سیاسی وڵاتانی زلهێزی جیهان لە ڕاپۆرتێکیدا دوای ڕووداوەکە نووسی: "واشنتۆن و مۆسکۆ دەبێ لە ئێستاوە پەیامێکی بەپەلە بە بەغدا بگەیەنن: واز لە بەکارهێنانی ئەو چەکانە بهێنن، یان دەستبەرداری پشتیوانی دەرەکی بن" ( Newyork Times, 26 March 1988, p. 30.). بەڵام هەڵوێستی ئەم دوو وڵاتە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراقی بونیادنرابوو، نەک بانگەواز و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەنگ و داواکاری ڕۆژنامەگەری جیهانی، وەک لە خوارەوە باسی دەکەین:

### 4.3.1. ئەمریکا

هەرچەندە دوای ڕووداوەکە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هێرشەکەی شەرمەزار کرد و وەک پێشێلکارییەکی ڕاستەقینەی ڕێککەوتنامەی جنێڤی ساڵی (١٩٢٥) وەسفکرد، بەڵام هیچ ڕێوشوێنێکی ڕاستەوخۆی بەرامبەر عێراق نەگرتەبەر. وەڵامی واشنتۆن کەواتە لەژێر کاریگەری ئەو بەرژەوەندییە ستراتیجییانەی لەگەڵ بەغدا هەیبوو، بەو پێیەی ئەمریکا لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا پشتیوانی حکومەتی عێراقی دەکرد بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر بارودۆخی ناوچەکە کەم بکاتەوە، یان سنووردار بکات. سەرەڕای شەرمەزارکردنی ڕواڵەتی، ئیدارەی ئەمریکا بەردەوام بوو لە پاڵپشتی تەکنیکی و لۆجستی بۆ عێراق، ئەمەش مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نییۆرک تایمز: "واشنتۆن بە ئاشکرا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی ئێرانییەکان و کوردەکانی عێراق شەرمەزار کرد و بەشێوەیەکی تایبەت ناڕەزایی خۆی بۆ بەرپرسانی عێراق دەربڕی و جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پرسی چەکی کیمیایی وەک پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ لە جنێڤدا دیاری کراوە (Sciolino, April 24,1988, P. 2).

شیاوی باسە هەڵوێستی فەرمی واشنتن دوای ڕووداوەکەی شاری هەڵەبجە، لەسەر زاری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرچوو، لەم وتارەی لەبەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشکرد و ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەقەکەی بڵاوکردۆتەوە کە لەبەشێکیدا دەڵێت:" بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕی ئێران و عێراقدا و ئەو زیانە مرۆییە دڵتەزێنەی لێکەوتەوە ، مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەر ئەو سنووردارکردنە ئەخلاقی و یاساییانە دروست دەکات، کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە. با ئەم کارەساتە پرۆتۆکۆڵی جنێڤ دووپات بکاتەوە ،کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە دەکات. داوا لە واژۆکەرانی ئەم پرۆتۆکۆڵە دەکەم، هەروەها دەوڵەتانی دیکەی پەیوەندیدار، کۆنفرانسێک ڕێکبخەن بۆ ئەوەی ئەو کارانە لەبەرچاو بگرن، کە دەتوانین پێکەوە بیگرینەبەر بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشانەوەی ئەم پەیماننامەیە. ئێمە داوا لە هەموو دەوڵەتان دەکەین، لە کۆنفرانسی چەکداماڵین لە جنێڤدا هاوکار بن، لە قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی، ئەرکی هەموو گەلانی شارستانییە، بە یەکجاری و لەسەر بنەمایەکی جیهانی و پشتڕاستکەرەوە، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغە بکەن" ( Newyork times, 27September1988, p.10). بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، نوێنەری فەرەنسا لە کۆمەڵەی

نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاڵ چەندین نوێنەری دیکەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، پشتگیرییان لە پێشنیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا کرد و تەنانەت وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت (ئیدوارد شیفرنادز) لە ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەی (٢٦ی ئەیلولی ١٩٨٨) ڕایگەیاند، کە پێشنیازەکەی سەرۆکی ئەمریکا باشە و پشتگیری دەکەن ( Le Monde, 28 septembre 1988.).

## 4.3.2. یەکێتی سۆڤییەت

سەرباری دروستبوونی هەڵوێستێکی ئەرێنی شەرمنانەی حکومەتی ئەمریکا بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جیهان، بەڵام ڕۆژنامەکە هیچ هەڵوێستێکی فەرمی یەکێتی سۆڤیەتی لەسەر ڕووداوەکە بڵاونەکردەوە. ئەمەش بەپێی بۆچوونی بەشێک لە لێکۆلەرەوەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سۆڤیەت هاوبەشێکی سەرەکی سەربازی عێراق بوو، بۆیە بە ڕوونی نەیتوانی سەرکۆنەی هێرشە کیمیاییەکە بکات، هەرچەندە سۆڤیەت یەکێک بوو لەم وڵاتانەی واژووی لەسەر ڕێککەوتننامەی جنێڤ کردبوو. ئەمەش لە پێناو پاراستنی پەیوەندییە ستراتیجییەکەی لەگەڵ بەغدا، چونکە عێراق هاوردەکاری سەرەکی چەکی سۆڤیەت بوو(Huber,2019, p.23). بەپێچەوانەوە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، لێپسراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەتیان بەوە تۆمەتبار کرد، بەوەی گازی سیانید، یان بە حکومەتی عێراق بەخشیوە و لەو هێرشەدا بەکارهاتوە.(Browne, April 17, 1988, p. 7)

## 4.4. وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا

هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی وەک فەرەنسا و بەریتانیا بەفەرمی سەرکۆنەی هێرشەکەیان کرد، بەڵام هەنگاوی کردەییان بۆ سزادان، یان سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدا نەنا. ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بەوە کرد، هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی، ئەم کەرەستە و تەکنەلۆجیایان بۆ عێراق دابینکردووە، کە دەتوانرێت لە دروستکردنی چەکی کیمیاییدا بەکاربهێنرێت. تەنانەت بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، ئەلمانیا سەرباری ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو چەکەی لە وڵاتەکەی دەیکڕی لە دژی گەلەکەی خۆی بەکاری دەهێنا، بەڵام بەردەوام بووە لە پێدانی هاوکاری و یارمەتی دارایی بە حکومەتی عێراق، ئەوە لەکاتێکدا حکومەتی عێراق لەو ماوەیەدا توانای گەڕاندنەوەی قەرزەکانی سەری نەبوو. بەشێوەیەک هەر لەساڵی (١٩٨٨) دوای ئەنجامدانی کۆمەڵکوژیکردنی خەڵکی هەڵەبجە، تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی عێراق، لەسەردانێکیدا بۆ ئەلمانیا ڕۆژئاوا و دیداری لەگەڵ بەرپرسانی باڵا، توانی قەرزێک بە بڕی (١٦٧) ملیۆن دۆلار لەم وڵاتە وەربگرێ(.Schmemann, , July 2,1988,p.3 ). بەم شێوەیە ڕۆژنامەکە ئەوە نیشان ئەدات، کە حکومەتی عێراق وێڕای ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ لەدژی گەلەکەی، بەڵام بەهۆی بەرژەوەندییەکانی هەبوون، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری حکومەتی عێراقیان کردوە، لەشەڕەکەیدا بەرامبەر بە ئێران.

## 4.5. نەتەوە یەکگرتووەکان

دوای چەند هەفتەیەک لە لێکۆڵینەوە و سەردانیکردنی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق، شارەزایانی چەکی کیمیاوی لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتیانکردەوە دەستنیشانی ئەم وڵاتە بکەن، کە چەکی کیمیایی لە هێرشەکەدا بەکارهێنا ( the New York Times, April 27, 1988). ئەوەندە نەبێ، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی ڕووداوەکە بڵاوکردەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هێرشەکەدا پشتڕاست کردەوە، بەڵام بە ئاشکرا عێراقی تۆمەتبار نەکرد. هەڵوێستی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە کەواتە لەژێر گوشاری وڵاتانی گەورە، بەتایبەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، ئەمەش ڕێگر بوو لە ئەنجامدانی هەنگاوی کردەیی بۆ سەپاندنی سزا بەسەر عێراقدا. ( Schmemann, July 2, 1988, p. 3)

## ئەنجام

دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و ووردەکاریکردن لە شیکردنەوەی تەوەر و بابەتەکانی پەیوەندییان هەبوو، بەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم چەند ئەنجامەی خوارەوە:

١. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە گەیاندنی ڕووداوەکانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لەساڵی (١٩٨٨) بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لە ڕووماڵەکانیدا تیشکی خستۆتە لەسەر لایەنە مرۆییەکان و نیشاندانی نەهامەتی خەڵکی سڤیل .

2. ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکانیدا، وێنایەکی ناشرینی ئەم کردە سەربازییەی کێشاوە، بەئامانجی سەرکۆنەکردنی حکومەتی عێراق و ڕێگریکردن لە دووبارەکردنەوەی ئەم کردە سەربازییە، بەڵام نەیتوانی ئەوەندە کاریگەربێ لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی سیاسی یەکگرتوو دژی لایەنی بەرپرس و ئەنجامدەری ڕووداوەکە.

3. ڕۆژنامەکە بە گواستنەوەی دید و ڕوانینی سەرکردە و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی حکومەتی ئێرانی، ئەرکی پیشەییانەی خۆی وەک پێویست جێبەجێ نەکردوە. بەتایبەتی دوای ئەوەی نەیتوانی بەشداری کارای هەبێت، لە گواستنەوەی ڕووداوەکە ، لەسەر بنەمای زانیاری پەیامنێرانی خۆیەوە.

٤. سەرەڕای ڕوماڵی بەرفراوانی ڕۆژنامەکە، بەڵام وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لاواز بوو. نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووداوەکەی شەرمەزارکرد، بەڵام بەهۆی فشارە سیاسیەکانی وڵاتانی پاڵپشتی عێراقەوە خۆیان لە هەنگاوی کردارەکی لەدژی حکومەتی عێراق بەدوور گرت.

٥- ڕۆژنامەکە پشتی بە ڕاپۆرتی دەزگا نێودەوڵەتییەکان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا بەستووە، بەبێ ئەوەی تۆماری وتەی شایەتحاڵی ڕووداوەکەی بڵاوبکاتەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دروستکرد لەسەر گەیشتنی دەنگی ڕاستەوخۆی قوربانییەکانی ئەم ڕووداوە بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی.

٦- ڕۆژنامەکە شیکارییەکی باشی بۆ ڕەهەندە سەربازی و ستراتیژییەکان خستەڕوو، بەڵام بە وردی باسی لەوە نەکرد، کە عێراق چۆن چەکی کیمیایی دەستکەوتبوو.

٧- بەگشتی ئەو ڕووماڵکردنە بەشداریکرد لە بنیاتنانی چوارچێوەیەکی هاوبەشی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە مەترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گرنگی قەدەغەکردنی لە ئاستی جیهانیدا. ڕوماڵی نیویۆرک تایمز تیشکی خستە لەسەر گرنگی میدیا لە بەڵگەنامەکردنی تاوانە مرۆییەکان و تیشک خستنە لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕەنگە لەلایەن ئەجێندا سیاسییە نێودەوڵەتییەکانەوە چاوپۆشییان لێبکرێت. هەرچەندە ڕووماڵکردنەکە گۆڕانکاری سیاسی دەستبەجێی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵام بەشێک بوو لە هەوڵەکانی میدیا نێودەوڵەتییەکانی بەشدارییان کرد لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جیهانی، سەبارەت بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی .

### پەراوێزەکان:

١-ڕێککەوتنی سەعد اباد لە ساڵی 1937 واژۆ کرا، پەیماننامەیەکی نێوان ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان بوو، ئامانج لێی بەرزکردنەوەی هاریکاری ئەمنی و ئابووری و چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان بوو. لە(٢١ی ئایاری ١٩٣٥) عێراق و ئێران لەسەر شط العرب ڕێککەوتنیان کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (حلە، 2006،ص27).

٢-شارێکە لەویلایەتی نیویۆرک لە ئەمریکا.گەورەترین ناوچەی جوگرافییە و دەکەوێتە تەنیشت شاری بروکلین لە باشووری ڕۆژئاوای لۆنگ ئایلەند. دووەم گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە (دوای بروکلن)، بە مەزەندەکردن ٣,٥٥٨,٥٨٢) دانیشتووی ساڵی (٢٠١٧)، کە نزیکەی لەسەدا (٤٨)، یان لەدایکبووی دەرەوەی وڵات بوون.

Hendricks' Commercial Register of the United States for Buyers and Sellers. (1914). United States: Samuel E. Hendricks Company

**سەرچاوەکان:**


- Browne, Malcolm W. IDEAS & TRENDS: Chemical Weapons; 'Poor Man's Atomic Bomb' Is Once Again Used in Battle, April 17, 1988, Section 4.
- Cowell, Alan.IRAN CHARGES IRAQ WITH GAS ATTACK, March 24,1988.
- Elaine, Sciolino. Iraqis Reported to Mount Drive Against Kurds, September 1, 1988, Section A.
- Elaine, Sciolino. Kurdish Chief Gains Support In U.S. Visit, June 22, 1988, Section A.
- Excerpts from the President's Speech to the U.N., September 27, 1988, Section A.
- Haberman,Clyde. What Drove the Kurds Out of Iraq? September 13,1988, Section A.
- Jennifer A. Kingson, Victims of Gulf War Treated at Queens Hospital, April 6, 1988, Section A.
- Kingson, Jennifer A. Victims of Gulf War Treated at Queens Hospital, April 6,1988.
- Schmemann, Serge. Iraq Acknowledges Its Use of Gas but Says Iran Introduced It in War, July 2, 1988, Section 1.
- Sciolino,Elaine , Shultz to See Iraqi on Reported Gassing of Kurds, September 8,1988.
- Sciolino,Elaine . THE WORLD; HOW THE U.S. CAST OFF NEUTRALITY IN GULF WAR, April 24,1988, Section 4.
- Sciolino,Elaine. Kurdish Chief Gains Support in U.S. Visit, June 22, 1988, Section A.
- Trainor, Bernard E. Chemical War: Threat in Third World? August 5,1988, Section A.
- U.N. Sets No Blame in Gulf War Gas Attack, the New York Times, April 27, 1988.
- U.N. to Study Poison-Gas Charge, March 26, 1988.
- Words of Khomeini: On Islam, the Revolution and a Cease-Fire, july 23, 1988, Section 1.
- Hiatt, Fred.'USEFUL FOOLS', washiton post, May 2, 1998,
- Après le refus de Téhéran d'accepter de nouveaux réfugiés La Turquie continue d'héberger 43 000 Kurdes irakiens installés dans quatre camps, Le Monde, 19 octobre 1988.
- Dans son discours d'adieu devant les Nations unies M. Reagan propose la convocation d'une conférence internationale sur l'élimination des armes chimiques, Le Monde, 28 septembre 1988.
- الجبوري،علي محمود ياسين.(2015)، موقف جامعة الدول العربية من العراق ،دار غيداء للنشر والتوزيع.
- حافظ، زكي جميل.(2010)، مذكرات شاهد على ثلاثة عهود من حكم العراق، الاردن.
- حمادي، سعدون.(2022)،أوراق سعدون حمّادي، ج1 مذكرات وتأملات. لبنان: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.
- عقراوي، منهل إلهام.(2021)، العلاقات التركية – الإيرانية 1979–1989. الأردن: دار الأكاديميون للنشر والتوزيع.
- ماهر، سعد عبدالقادر. (2019)، سفر الابطال، ج2، الاردن.
- محمد علي. (2006). ميثاق سعد آباد 1937 م وموقف مصر. مصر: كتب عربية.

- Hendricks' Commercial Register of the United States for Buyers and Sellers. (1914). United States: Samuel E. Hendricks Company.
- Murray,Williamson .(2014), The Iran-Iraq War : a military and strategic history, New York.

- ڕەحمان، قارەمان حەیدەر& اسماعیل، اسماعیل عبدالله.(٢٠٢٤)، ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیدا لە ماوەی نێوان (١٩٦١-١٩٦٨)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی(28)، ژمارە(5)s.
- المغير، أسلام محمد عبدربه.(2015)، الحرب العراقية الايرانية(1980–1988)، رسالة ماجستير في التاريخ الحديث والمعاصر، مقدمة الى كلية الاداب بجامعة الاسلامية بغزة.

- Huber, Christopher Brian. (2019), A War of Frustration: Saddam Hussein's Use of Nerve Gas on Civilians at Halabja (1988) and the American Response an Honors College Project Presented to the Faculty of the Undergraduate, College of Arts and Letters James Madison University.

# Reflection of the Chemical Attack on Halabja in 1988 in the Coverage of the American Newspaper, the New York Times

**Qaraman Haidar Rahman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Qaraman.rahman@su.edu.krd

**Abstract**
The chemical attack on Halabja on March 16, 1988 is one of the most tragic events in the history of the Kurdish people in Iraq. In this context, this study, entitled "The Reflection of the 1988 Chemical Attack on Halabja in the Coverage of the New York Times", addresses this horrific human crime in the twentieth century, with the aim of analyzing how the New York Times covered the incident. The study includes several main sections. The first section begins with the title "The Historical and Political Background of the Incident", and consists of three main axes, such as the background of the Iraq-Iran War and the details of the Halabja chemical attack in 1988, along with local and international reactions to the incident. The study also sheds light on the causes of this attack and its repercussions by analyzing reports published in newspapers, including the American Washington Post and the French Le Monde. As for the second section, entitled "The New York Times' Coverage of the Chemical Attack", it focuses on analyzing the press coverage of the incident through three axes, which include two prominent reports prepared by the newspaper. At the end of the study, the last section is devoted to examining "The Position of Countries and Regional Powers on the Chemical Attack on Halabja". This study focuses on the positions of countries such as: Iran, Turkey, Arab countries, the United States, the Soviet Union, and Western European countries. The study aims to shed light on the different reactions to this tragic event, and to analyze the humanitarian and political dimensions that resulted from it.
**Keywords:** Kurds, Chemical, Halabja, America, New York Times

## أنعكاس الهجوم الكيميائي على حلبجة عام (1988) في تغطية صحيفة نيويورك تايمز الامريكية 1958-1970

**قارمان حيدر رحمان**
قسم التاريخ,كلية الاداب,جامعة صلاح الدين- أربيل,اقليم كوردستان,العراق
Qaraman.rahman@su.edu.krd

**الملخص**
يُعد الهجوم الكيماوي على حلبجة في 16 آذار/مارس 1988 أحد أكثر الأحداث مأساوية في تاريخ الشعب الكردي في العراق. وفي هذا السياق، تتناول هذه الدراسة، بعنوان "انعكاس الهجوم الكيماوي على حلبجة عام 1988 في تغطية صحيفة نيويورك تايمز الامريكية"، هذه الجريمة الإنسانية المروعة في القرن العشرين، بهدف تحليل كيفية تناول صحيفة نيويورك تايمز للحادثة.تتضمن الدراسة عدة مباحث رئيسية. يبدأ المبحث الأول بعنوان "الخلفية التاريخية والسياسية للحادثة"، ويتألف من ثلاث محاور أساسية، مثل خلفية الحرب العراقية-الإيرانية و تفاصيل هجوم حلبجة الكيماوي عام 1988 مع ردود الفعل المحلية والدولية على الحادثة. كما سلطت الدراسة الضوء على أسباب هذا الهجوم وتداعياته من خلال تحليل التقارير المنشورة في الصحف، ومن بينها صحيفة واشنطن بوست الامريكية و لوموند الفرنسية. أما المبحث الثاني، الذي يحمل عنوان "تغطية صحيفة نيويورك تايمز للهجوم الكيماوي"، فيركز على تحليل التغطية الصحفية للحادثة من خلال ثلاث محاور، التي يتضمن تقريرين بارزين أعدتهما الصحيفة.وفي ختام الدراسة، خُصِص المبحث الاخير لبحث "موقف الدول والقوى الإقليمية من الهجوم الكيماوي على حلبجة ."يركز هذا المبحث على مواقف دول مثل: إيران.تركيا.الدول العربية.الولايات المتحدة.الاتحاد السوفييتي.دول أوروبا الغربية.تهدف الدراسة إلى تسليط الضوء على ردود الأفعال المختلفة تجاه هذا الحدث المأساوي، وتحليل الأبعاد الإنسانية والسياسية التي ترتبت عليه.
**الكلمات المفتاحية:** كورد، الكيمياوي، حلبجة، أمريكا، نيويورك تايمز